**قاسیدەکەی گوت:** ئەگەر دەتوانێ بڕوات با بێتە لای پێغەمبەری خودا.

قاسیدەکە چوو بۆ لای قسەی پێغەمبەری خودای پێی ڕاگەیاند.

**ئەویش گوتی:** گیانم بە قوربانی بێت لە سەر منە بچمە خزمەتی و دەستی دایە دارێك و چووە خزمەت پێغەمبەر(دخ) و سەلامی لێکرد و ئەویش وەڵامی سەلامەکەی دایەوە و **پێی گوت:** دایکی عەلقەمە ڕاستیم پێ بڵێ چونکە ئەگەر ڕاستی نەڵێیت ئەوا سروشم لە خوداوە بۆ دێت: عەلقەمە لەگەڵ تۆدا چۆن بوو؟

**دایکی عەلقەمە گوتی:** ئەی پێغەمبەری خودا نوێژ و ڕۆژو و چاکەی زۆری دەکرد.

**پێغەمبەر(دخ) فەرمووی:** ئەی تۆ؟

**دایکی عەلقەمە گوتی:** من لێی تورەم. ئەو ژنەکەی پێ باشتربوو لە من و سەرپێچی فەرمانی دەکردم.

**پێغەمبەر(دخ) فەرمووی:** تورەبوونی دایکی وای کردووە عەلقەمە زوبانی لە گوتنی شایتمان لاڵ بێت.

**ئەوجا فەرمانی بە بیلال دا:** بڕۆ دارێکی زۆر کۆبکەوە.

**دایکی عەلقەمە گوتی:** ئەی پێغەمبەری خودا چ دەکەی؟ ئەویش فەرمووی: لە پێش تۆ بە ئاگر دەیسوتێنم.

**دایکی عەلقەمە گوتی:** ئەی پێغەمبەری خودا دڵم بەرگەی ئەوە ناگرێت کوڕەکەم لە پێش چاوم بە ئاگر بسوتێنیت.

**پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی:** دایکی عەلقەمە سزای خودا توندتر و بەردەوامترە، گەر دەتەوێ خودا لێی خۆشبێت ئەوا لێی ڕازی بە، سوێند بە وەی نەفسی منی بە دەستە نە نوێژ نە ڕۆژو و نە چاکە بە کەڵکی عەلقەمە نایەت گەر تۆ لێی تورە بیت.

**دایکی عەلقەمە گوتی:** ئەی پێغەمبەری خودا من خودا و هەموو فریشتەکانی و ئەو موسڵمانانەی لێرە ئامادەن دەکەمە گەواهیدەر کە لە عەلقەمەی کوڕم ڕازی بووم.

**پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی:** بیلال بڕۆ بزانە دەتوانێت بڵێت (لا الە الا الله) یان نا؟

و هیـوای لێخۆشـبوونمان لـەلای خـودا بـۆ نەهێڵێتـەوە لـە خراپەکاریـش بـەردەوام بیـن.

## گفتوگۆ

١- بۆچی دەبێت مرۆڤ خۆی لە لەخۆباییبوون بپارێزێت؟

٢ - بـە یارمەتـی مامۆسـتاکەت ئایەتێـك لـە قورئـان بێنـە کـە بـاس لـە ژیانـی ئـەم دونیایـە دەکات؟ دواتـر گفتوگـۆی دەربـارە بکـەن.

٣- بە هۆی ئەم دوو ژمارەیەوە ناوی سورەتەکە بنوسە و ئایەتەکە تەواو بکە؟

خـودای گـەورە فەرمویەتـی: ( وَمَـا ٱلۡحَيَـوٰةُ ٱلدُّنۡيَـآ إِلَّا مَتَـٰعُ ٱلۡـغُرُورِ ) (آل عمـران١٨٥/ الحدید٢٠).

٤- هۆکارەکانی لەخۆباییبوون چین؟



١ - باوەڕكردن بە خودای شكۆمەند و گەورە:

باوەڕكردن بە بوونی خودای گەورە وەك خودا و یەك پەرستراو كە هاوتای نییە.

٢ - باوەڕكردن بە فریشتە:

باوەڕكـردن بـە فریشـتەكانی خـودا باوەڕكردنـی یەكلاكەرەوەیـە كـە خـودا فریشـتەی لـە ڕوناكـی بـەدی هێنـاوە وئـەوان هـەن، وسـەرپێچی لـە فەرمانـی خـودا ناكـەن.

٣ - باوەڕكردن بە كتێبە ئاسمانییەكان:

دەبێـت بـاوەڕ بـەو كتێبانـە بكەیـن كـە خـودا بـۆ پێغەمبـەران و نێردراوانـی نـاردون، ئـەم كتێبانـەش (التـوراه) بـۆ پێغەمبـەری خـودا (موسـی)یە، (الإنجیـل) بـۆ پێغەمبـەری خـودا (عیسـی)یە، (الزبـور) بـۆ پێغەمبـەری خـودا (داود)ە، (الصحـف) بـۆ پێغەمبـەری خـودا (ئیبراهیـم)ە، (القـرآن) موعجیـزەی نەمـرە بـۆ پێغەمبـەری خـودا و گەورەمـان (محمـد)(د.خ).

٤ - باوەڕكردن بە پێغەمبەر و نێردراوەكان:

باوەڕكردنـە بـەو پێغەمبـەر و نێردراوانـەی خـودای گـەورە لـە (القـرآن) نـاوی هێنـاون، و هەروەهـا خـودای گـەورە جگـە لەوانـەش نێـردراوی دیكەشـی نـاردوە، بـەڵام تەنهـا خـودا خـۆی ژمارەیـان دەزانێـت.

خـودای گـەورە لـە (القـرآن) باسـی بیسـت وپێنـج پێغەمبـەر و نێـردراوی كـردوە، ئەوانیـش:(آدم، نـوح، ادریـس، صالـح، إبراهیـم، هـود، لـوط، یونـس، اسـماعیل، اسـحاق، یعقـوب، ایـوب، شـعیب، موسـی، هـارون، الیسـع، ذوالكفـل، داود، زكریـا، سـلیمان، الیـاس، یحیـی، عیسـی، و محمـد) درود و سـڵاوی خـودا لەسـەر هەموویـان بێـت. جـا پێویسـتە بـاوەڕ بـە نامـە و پێغەمبەرایەتییـان بێنیـن.

## ٥ - باوەڕکردن بە ڕۆژی دوایی:

واتا باوەڕکردن بەهەموو ئەو شتانەی کە خودای شکۆمەند و گەورە و پێغەمبەری خودا (د.خ) پێیان ڕاگەیاندوین کە پاش مردن لێپرسینەوە لە بەندەکانی خودا لە سەر کردەوەکانیان لە ژیانی سەر زەوی دەکرێت، و پاداشت وسزا لەسەریان بە چوونە بەهەشت یان چوونە دۆزەخ وەردگرن.

## ٦ - باوەڕکردن بە قەدەر باش و خراپی:

باوەڕکردن بە قەدەر یەکێکە لە بنچینەکانی باوەڕ، کە دەبێت باوەڕ بەوە بکەین کە هەموو شتێك لە دانانی خودایە، بەڵگەش لەسەر ئەمە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، خودا فەرمویەتی: ( إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ) (القمر ٤٩)، ( وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا ) (الفرقان ٢). واتا: هەموو شتێكمان بە مەبەست و هۆ دروست کردووە و داناوە.

## گفتوگۆ

بنەماکانی باوەڕ بژمێرە.

- ئەم ئایەتە ڕاقە بکە: ( ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ وَقَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ) (البقرة: ٢٨٥).

# ناوەرۆك


| لاپەڕە | بابەت | وانە |
|---|---|---|
| ٣ | پێشەكی | |
| | وەرزی یەكەم | |
| ٧ | هەندێك لە ناوە پیرۆزەكانی خودای گەورە | وانەی یەكەم |
| ٨ | سورەتی زوحا (الضحى) | وانەی دووەم |
| ١٠ | خێری چاكەكردن لەگەڵ داییابدا | وانەی سێیەم |
| ١٤ | لە نەریتەكانی سەردان | وانەی چوارەم |
| ١٦ | دووركەوتنەوە لە فیزلێدان | وانەی پێنجەم |
| ١٨ | یەكسانی و ڕێزگرتن لە مافی خەڵك | وانەی شەشەم |
| ٢١ | چاكەكردن | وانەی حەوتەم |
| ٢٥ | كشتوكاڵكردن | وانەی هەشتەم |
| ٢٧ | سورەتی ئەلشەرح (الشرح) | وانەی نۆیەم |
| | وەرزی دووەم | |
| ٣١ | چەند وێنەیەك لە خۆنەویستی هاوەڵان(ر.خ) | وانەی دەیەم |
| ٣٥ | چەند وێنەیەك لە ژیانی شوێنكەوتوان... زاناو ستەمكار | وانەی یازدەیەم |
| ٣٨ | كورەكەی جێنشین | وانەی دوازدەیەم |
| ٤١ | سورەتی ئەلكافرون (الكافرون) | وانەی سێزدەیەم |
| ٤٣ | بنچینەكانی باوەڕ | وانەی چواردەیەم |
| ٤٦ | كاری بەسوود | وانەی پازدەیەم |
| ٤٩ | بەسەركردنەوەی نەخۆش | وانەی شازدەیەم |
| ٥٢ | ناوەرۆك | |